# پیاوێک.. لە ئاونگ

**توانا ئەمین**

دلاوەر قەرەداغی هاوڕێی من نییە، بەڵام هەندێک لەشیعرەکانی وەکو ئەو یەک دوو هاوڕێ ماندووەی هەمە دەناسم و لەگەڵیان ژیاوم.. ڕێکەوت وایکرد لەو ڕۆژانەی پێشوودا بۆ کۆڕێکی شیعریی ئەو لەگەڵ چەند هاوڕێییەکدا بچینە دەربەندیخان. کەبەیانی وادەی سەفەرەکە هات، بەڕێکەوت هەر من و دلاوەر حازر بووین، پێکەوە ڕۆیشتین. تەواوی ڕێگای هەڵزنان بەشاخدا بەرەو دەربەند، جگە لەچەند قسەیەکی ئاسایی شتێکی وامان لەگەڵ یەک نەوت. بێدەنگ و بەگوێگرتن لە (پایزی تەڵلایی) فریبوورزی لاچینی یەوە ڕێگەمان بڕی.. لەو سەفەرەدا من زێدەتر هەستم بەو ئارامییە قوڵەی ناو شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغی کرد.. لەوێ زانیم ئەم پیاوە چەند لەشیعرەکانی دەچێت و چەند لەگەڵ خۆی ڕاستگۆیە.

(کۆڵان)ی ئەم شاعیرە سەرەتای بونیادنانی مێژووە بۆ شارێکی بێ مێژوو.. ون بوون.. گەورە بوون.. فیراق.. خوێن و شۆڕش.. روخانی ئێستا و گەڕانەوەیەکی نوستالۆژی لەسەر ئاستێکی قوڵ بە ئیستاتیکایەکی بەرز بۆ جاران، جارانی سادەیی.. جارانی جوانی.. جارانی منداڵی.

دوای ئەو هەموو ساڵە دووری، دلاوەر لە نوێترین کاریدا (کۆڵان) دەنوسێتەوە، بەڵام ئەمجارە لەژێر ناونیشانی (دەچمەوە بۆ کۆڵانی پایز..!). نوسینەوەی سەرلەنوێ (کۆڵان) لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتووە؛ کەلەڕاستیدا ئەم شارە بێ مێژووە!! "من شتێکی گرنگم لێ

ون بووە/ من شتێکی گرنگم لەبیرچووە/ من بەدوای شتێکی گرنگدا/ دەگەڕێم".

مرۆڤ نالویَ لەشارێکی بێ مێژوودا بژێت، بۆیە ئەگەر دەستی کەمیش بێت دلاوەر لاپەڕەیەک لەو مێژووە تۆماردەکات. هەروەک چۆن خوێنەر ناتوانێت مێژووی هەولێر لە رۆمانەکانی کاروان کاکەسور و شێرزاد حەسەن و مێژووی سلێمانی-یش دوای حەمە فەریق حەسەن لە بەختیار علی و ئیسماعیل حەمە ئەمین- دا نەبینێ و نەخوێنێتەوە، ئاوهاش بۆ گەڕانەوەء پیاسەکردن بەزەمەنی لەدەستچووی ئەم شارەدا، خوێنەر دەتوانێت دوای ئەو مێژووە سەیر و سیحراوییەی عەتا محەمەد لەچیرۆکەکانیدا بۆ سلێمانی خەیاڵیدەکات، دلاوەر قەرەداغی بخوێنێتەوە.

بۆساتێک بیر لەوەدەکەمەوە هەمووان لەئێستادان و رۆژانێکی تر دەنوسنەوە!.. وەک شتێ دەڵێی هەموومان لەسەر بەیازێکی بۆر دانیشتوین و بەپەڕەموچێک مێژووی شارەکانی خۆمان دەنوسینەوە، وابزانم جارێک یەشار کەمال-یش لەبارەی خۆی و ئەستەمبوڵەوە شتێکی وای درکاند.

ئەو مێژووەی ئەدیبێک دەینوسێتەوە جودایە لەوەی دیرۆکنوسێک خەریکێتی، هەمیشە چاوی مێژوونووسەکان لەدیوی دەرەوەی رووداوەکان و دەربار و باقوبریقی جلوبەرگی پاشاکان زیاتری نەدیوە، وەک رۆسۆ دەڵێت "مێژوونووس ئەوەندە لەسەر وەسفی سیما و روخساری کاراکتەرە مێژووییەکانی دەوەستێت، ناوەوەیانی بیر دەچێتەوە". ئەوە چیرۆکنووس و شاعیرەکانن ئەم مێژووە تەواو دەکەن و دەینوسنەوە، زەحمەتە خوێنەرێکی دلاوەر قەرەداغی هەبێت حاجی رەشیدی عەرەبانچی و ئەسپەکانی و رادیۆ شکاوەکەی نەناسێت. مرۆڤ کەمێک دیقەتبکات دەتوانێت لەرێگای شیعرەکانییەوە ماڵی دلاوەر لەم شارەدا بدۆزێتەوە، ئێمە کاتێک

وتمـان ئەسـتەمبوڵ و سـلێمانی دوو شـاری بـێ مێـژوون، هەر لەو ڕەهەنـدەی سـەرەوەبوو، نەک ئەوەی مێـزەر و مشـکی، سـەرەنێز و خەنجەر، ئەسپ و بڕنەو لەکتێبی مێژووی ئەم شارەدا نین.
ئەگەر شێرکۆ بێکەس لەسەر ئاستی خەیاڵی نەتەوە مێژوونووسێکی شیعری بێت، ئەوا دلاوەر قەرەداغی لەسەر ئاستی خەیاڵی تاکەکەس هەوڵێکی تری نوسینەوەی ئەو مێژووە ونەیە.
بێ دلاوەر (وەک دەنگێکی جدی شیعری) شتێک لە جوانی ئەم شارە کەمە.. وەک بڵێی جوانی لەم دەڤەرە بچوکە بێ ئەم کوڕە بەهەنگە شەلێ دەڕوات. لەنەوەی نوێی شیعردا بونیام دەتوانێت یەک سوپا ریزبکـات کەدور و نزیـک لەژێـر کـاریگەری ئەم پیـاوە دەرنـاچن و لێــرەو لەوێ بە ئەنقەســت و نــا ئەنقەســت هەر ئەم شــاعیرە دەنوسنەوە.
کوردییەکەی دلاوەر هێندە شیرینە کە ئینسـان دەتوانێت کوردییەکی شـکاو و کەل تەنـانەت بە وەرگێڕانەکـانی ئەم، دەمەزەرد بکـاتەوە.. پیاوێک هەموو ساڵێک بەخێرایی بەباوەشێک کتێبەوە خۆی دەکاتەوە بەم نیشـتیمانە خەڕەکەشـکاوەدا و لەوسـەرەوە فڕۆکەیەکـی گێـژ لەگەڵ خۆی هەڵی دەگرێت و دەیبات.
پیاوێکی ئاونگی.. مرۆڤێکی دڵگەورە ئەوەتا لەیەکێک لەشیعرەکانی ئەم دواییەیدا نوسیویەتی "بەتامی بەرسیلە بوغز سوێند دەدەم زۆر بۆی دانەچێت/ ژیان کورتە".